




# ئەستێرە

## یەکەمین گۆڤاری نهێنیی بۆ منداڵانی کورد

نەوزاد عەلی ئەحمەد

ناوی کتێب: ئەستێرە، یەکەمین گۆڤاری نهێنی بۆ منداڵانی کورد
نووسەر: نەوزاد عەلی ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: عومەر حسێن ئەحمەد
دیزاینی ناوەوە: موراد بورهان
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاریان ئیبراهیم
تیراژ: 750 دانە
ژمارەی سپاردن 2325 ی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردراوە
چاپ: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی کەرکوک/ 2008
ئەرکی چاپ: مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی ی. ن. ک



## ناوەڕۆک

*__بەشی یەکەم__*
زۆر بە کورتی، منداڵانی کوردورۆژنامەگەریی نهێنی.
- منداڵی کورد لەرۆژنامەدا
- شۆڕشی گەلی کوردستان
- پێکهاتەو دەرفەت
- منداڵ لە شۆڕشی نوێدا
- رابەری ئەستێرەکان
*__بەشی دووەم__*
ئەستێرە؛
یەکەمین گۆڤاری نهێنیی بۆ منداڵانی کورد
- ناساندن
- بۆچی ئەستێرە ؟
- ناونیشانی بابەتەکان
- ساغکردنەوەی ناوی نووسەرەکان
- بۆچی نهێنییە؟
- بۆچی یەکەمین گۆڤارە؟
- فۆڕم
- ناوەڕۆک
- ئەستێرە بۆ وەستا؟
- ئەنجام
*__بەشی سێیەم__*
خاوەنی ئەستێرە لە کتێبی ئەستێرەدا
__بەشی چوارەم__
"ئەستێرە"ی ئۆرژیناڵ و تێکستی بابەتەکان
*سەرچاوەکان*

## پێشەکی

چاپکردنەوەو ئە رشیفکردنی رۆژنامەگەریی شۆڕشە کانی کوردو خە ڵکی کوردستان ئەرکێکی م ێژوویی‌یە، ئە مڕۆ دە رفەتێک هاتۆتە پێشەوە دەتوانرێت بە باشترین‌و سەنگیترین شێوە و شێواز کاریان لە سەر بکرێت و چاپبکرێنە وە، جێگای سە رنج‌و لێدوانە کە تا ئێستا لە چەندان کابینە گۆڕین‌و حکومە ت دامە زراندندا بیر لە دامەرزراندنی بە ڕێوەبەرێتییەک نە کواوە لە ژێر تایتڵی بە ڕێوەرایەتی چاپ و ئەرشیف‌و پاراستنی رۆژنامە گەریی پێشمە رگە، ئە گەر ئە مەش بە رەوا نە زانرێت خۆ دەکرا لە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنە وەدا چەند فە رمانبەرو کارمە ندێک بۆ ئە و کارە تەرخان بکرێن و ناوە بە گوێرەی دە رفەت‌و دە ربەست‌و بوار رۆژنامەیەک، گۆڤارێک، یاخود بڵاوکراوە یەک چاپبکرێتە وە، ئایا جێگای گومان و پرسیار نیە کە تا ئێستا بۆ نموونە بیر لە چاپکردنەوەی 18 ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستان-ی گۆڤاری یە کێتی نووسەرانی کوردستان نە کراوەتەوە، یاخود گۆڤارەکانی؛ گزنگ، کە لەپوور، بانگ، بە رەی کوردستانی، بیری نوێ، ئاشتی و سۆسیالیزم، کۆمە ڵە، رە نگاڵە، هۆرە ، تە رازوو... هتد، کە چی دە بینین رۆژانە چەندان کتێب دەخرێنە بازاڕ، کە زۆر لەو کتێبانە شایان بەوە نین چاپکرێن.

من دە مێکە بیرم لە چاپکردنەوەی کۆمە ڵێک گۆڤارو بڵاوکراوە ی سە ردەمی پێشمەرگایەتی کردۆتە وە، بە ڵام وە ک دە زانرێت ئە و جۆرە کارانە پێویستە لە شێوەی پڕۆژە دابێت‌و لیژنەیەک بەڕێوەی ببات، دیارە بۆ لایەنی دارایش پێویستی بە بودجەیەکی رەسمی هەیە.

ئەم کارە ی بە ردەستتان سە رەتایەکە بۆ کارکردن لە پڕۆژەیەک لە پێناوی رزگارکردنی رۆژنامەگەریی پێشمەرگە لە فەوتان‌و لەناوچوون، کە هیوادارم بتوانم لە ئایندەیەکی نزیکدا کاری تێدا بکە م‌و رۆشنایی بی‌نێت، ئە مەو دە خوازم چاپکردنەوەی گۆڤاری ئەستێرە واتایەکی جوان بە فکرەی پڕۆژەکە بدات.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**سوید - ستۆکهۆڵم**
2008-3-11
Nawzad.ali@hotmail.com



# بەشی یەکەم

## زۆربە کورتی؛
## منداڵانی کوردو رۆژنامەگەریی نهێنی

## منداڵی کورد لە رۆژنامەدا

هەر لە گەڵ دە رچوونی یە کەمین رۆژنامە ی کوردی (کوردستان- 1898) باسی منداڵ و چۆنیە تی پە روەردەکردنی کراوە ، بە تایبەتیش گرنگیدان بە خوێندنو خوێندە واری، ئەو لاکردنەوەیە تا ساڵی 1945 لە زۆربەی رۆژنام ەو گۆڤارە کوردییەکان فە رامۆش نەکراوە بەڵام بە رنامەیەک نە بووە بۆ دە رکردنی بڵاوکراوە یاخود گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان، تا ساڵی 1945لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، گۆڤاری گڕوگاڵ لە دایک بوو، بووە یەکەمین گۆڤاری منداڵان لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی دا، بە ڵام ئە وەی من سە رنجم داوەتێ دوای دامە زراندنی رێکخراوە کانی خوێندکاران و لاوان و ژنان و دە رکردنی گۆڤارو بڵاوکراوە ی تایبەت بە خۆیان، لە دووتوێی گۆڤا رو بڵاوکراوە کانیاندا لاپە ڕەی تایبەتیان بۆ ئەدەبو پەروەردە بۆ منداڵان تەرخانکردووە.

### شۆڕشی گەلی کوردستان

پاش ئەوەی ساڵی 1961 گەلی کوردستان لە باشووری کوردستاندا ناچار کرا کە رێگای خەباتی چەکداری بگرێتەبەرو تا ساڵی 1975 لەگەڵ پشوودانی چەند ساڵێکی دانووستان و گفتوگۆدا شە ڕو بەرگریکردندا، شەڕ لە گەڵ هێزی چە کداری دە سەڵاتی تاکڕە وی ناوەندا واتە بەغدا درێژە ی هە بووە، کە وەک دە زانرێت ئەوسا پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق سەرکردایەتی ئە و شۆڕشەی



دەکرد، لە ماوەی زیاتر لە 13 ساڵەی شۆڕشدا، شۆڕش گرنگی بە دەیان بواری ژیان و پێکهاتە کانی کوردەواری داوە بە تایبەتیش بواری رۆژنامە گەریی، بە ڵام ئە وەی لای لێ نە کردۆتەوە، رۆژنامەگەریی منداڵان بووە ، لە ماوەی دوورو درێژی خە باتی نهێنیو چە کداری پارتی دیموکراتی کوردستاندا ، بڵاوکراوە یاخود گۆڤارێک بۆ منداڵان نابینرێت کە چاپو بڵاوی ک ردبێتەوە، بە داخەوە تا ئێستا هیچ نووسە رو لێکۆڵەرێکی کوردو بێگانە ئاماژەی بەم فەرامۆش کردنە نەداوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.. هتد لە دوای ساڵی 1976- یش کە دەستیان بە خۆسازدان بۆ خەباتی چەکداری کردۆتەوە، بەڵام گرنگیان بە رۆژنامەگەریی منداڵان نەداوە.

### پێکهاتەو دەرفەت

رێکخستنو پێشمە رگایەتیو راگە یاندن لە ژیانی حزبایە تی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا لە زۆر رووە وە لە مێژووی ژیانی حزبایەتی کوردە واری جیا وازتر بوو، بۆ نموونە لە بواری راگەیاندندا جۆرێک لە دوور کەوتنەوە لە دیسپلینو پرانسیپەکانی ژیانی بەرتەسکی حزبایەتی بەدی دەکرێت، ئاوو هەواو واتایەکیتر بە راگەیاندن درا، بوار بە دەرکردنی رۆژنامە گەریی ناحزبی درا ، دەکرێت لەو رووەوە سەیری ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە بکرێت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاویکردوونە تەوە، کە لە پاڵ ئۆرگانە حزبییەکاندا کۆمە ڵێک بڵاوکراوە و گۆڤار هە ن کە ئەندامو لایەنگرو دۆستە کانی یە کێتیی یاخود کە سی سە ربەخۆ بە کەل و پەلی دەزگای راگەیاندنەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپو بڵاوکراونەتەوە، کە لە ناوەڕۆکدا پەیوەندیان بە سیاسەتو بەرنامەی یە کێتیی-یەوە نەبووە، باشترین نموونە ئەم گۆڤارە یە، گۆڤاری( ئەستێرە)، کە کادرەکانی یەکێتیی کاریان تێدا کردووە و لە

چاپخانەکانی یە کێتی-یش چاپکراوە ، بە لام گرێن ەدراوە بە سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، من ئە و جۆرە کارو چالاکیانە گرێ دەدەم بە پێکهاتەو ئاستی خوێندەواری‌و جیهانبینی کادرانی یەکێتیی، ئەو شێوە پێکهاتەیە دەرفەتی بە دوا داهاتووەو بوار نە دراوە تا هە لەکان لە بار بچن، بۆ نموونە ئەگەر عە قڵی خوێندەواری یەکێتیی نە بووبێت رێگا نە دەدرا گۆڤارە کانی پێروو، نووسەری کوردستان، سروشت، گزنگ، نووسە ری نوێ، کلتوور، رەنگاڵە، هۆرە، تەرازوو... هتد چاپ بکرێن، یاخود رێگایان پێنەدەرا لە سنووری چالاکییەکانیان بڵاوبکرێنەوە.

**منداڵ لە شۆڕشی نوێدا**

تا ئێستا ئە وەی بۆم دە رکەوتووە کە یەکەم بە رهەم کە منداڵ بڵاوبووبێتەوە، سێ چیرۆکی خۆماڵییە بۆ منداڵان لە ژمارە 1ی ئابی گۆڤاری نووسە ری کوردستان بڵاوبۆتە وە، گۆڤاری نوو سەری کوردستان، گۆڤاری یە کێتیی نووسە رانی کوردستانە ، ئە و چیرۆکانەش بریتین لە ( کۆترەکان، پێشمە رگەیەکی بچکۆڵە ) لە نووسینی هە ڤاڵ کوێستانی و چیرۆکی (قوتابخانەکەمان چی بەسەرهات) لە نووسینی کاکەباس، بە گشتی ئەگەر بڵاوکراوەکانی شۆڕشی نوێ دە ور بکەینەوە دوای ئە م سێ چیرۆکە نموونەی‌تریش دێنە بەرچاو، بە تایبەتیش لە بواری چیرۆکی وە رگێڕدراودا، هەروەها سێ گۆڤاریش بۆ منداڵان چاپ و بڵاوکراونە تەوە، کە بریتین؛ لە گۆڤاری ( ئەستێرە- ئەم کتێبە ی بۆ تە رخانکراوە) و گۆڤارەکانی ( سروشت) دوو ژمارەیەو لە مانگەکانی کانوونی یەکەم و مارتی 1983 چاپکراون، گۆڤارەکەی‌تریش ناوی (گزنگی بچووکان) ەو پاشکۆی گۆڤاری (گزنگ- گۆڤاری لقی کە رکوکی یە کێتیی نووسەرانی کوردستان ) بووەو سێ ژمارە ی لێ دە رچووەو هە ر سێ ژمارەکە لە ساڵی 1985 لە مانگەکانی ئادارو ئاب و ئە یلول



چاپکراون لە هەر سێ ژمارە کەدا چیرۆکی وە رگێڕدراو بڵاوکراوەتەوە.

**رابەری ئەستێرەکان**

وەک ئاسانکارییەک بۆ خوێنەران و لێکۆڵەران لە خوارەوە ناوی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییانەم ریزبە ند کردووە کە هەڵگری ناو ی ئەستێرەن؛

**ستێر**

لە نێوان ساڵا نی 1943 تا 1945 وەک رۆژنامە یەک لە لایەن د . کامەران عالی بە درخان لە بەیروت دە رچووەو 3 ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1، لە رۆژی 6ی کانوونی یەکەمی 1943 دەرچووە.

ژمارە 2، لە 28ی شوباتی 1944 دەرچووە.

ژمارە لە 22 تشرینی دووەمی 1945 دەرچووە.

**ئەستێرە**

گۆڤارێکی منداڵان بووە ، وەک پا شکۆی گۆڤاری رۆژی کوردستان لە نێوان ساڵا نی 1972 تا 1974 لە شاری سلێمانی دە رچووەو 3 ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، سەرۆکی نووسین سالح یوسفی بووە.

ژمارە 1 لە ساڵی 1972 دەرچووە.

ژمارە 2، لە ئەیلولی 1972 دەرچووە.

ژمارە 3 لە شوباتی 1974 دەرچووە.

**ئەستێرە**

لە لایەن بە ڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا 2 ژمارەی لێ چاپو بڵاوکراوەتەوە؛

ژمارە 1، مایسی 1975 دەرچووە، سەرۆکی نووسینی ئیحسان فوئادو
بەرێوەبەری نووسین جەمال خەزنەدار بووە.
ژمارە 2، لە حوزەیرانی 1975 دەرچووە، بەڵام رژێمی بەعس رێگای
نەداوە بڵاوبکریتەوە.

**ئەستێرە**
گۆڤارێک رۆشنبیری، کۆمەلآیەتی، سیاسی بووە، بە زمانی کوردیو
فارسی بابەتی بڵاوکردۆتەوە، خاوەنو سەرنووسەری ئەحمەد مفتی
زادە بووەو لە شاری سنەی کوردستانی رۆژهەلآت دەرچووە؛
ژمارە 5، 1979 /2/3/ دەرچووە.
ژمارە 6، 1979/5/22 دەرچووە.
ژمارە 7، 1979/6/2 دەرچووە.
هەشت ژمارەی لێ دەرچووە.

**ئەستێرە**
گۆڤارێکی منداڵان بووە، بڕیار دراوە مانگانە دەربچێت؛
ژمارە 1، لە رۆژی 1983/2/1 دەرچووەو هەر ئەم تاقە یەی لێ
بڵاوکراوەتەوە، ئەمە ئەو گۆڤارەیە کە ئەم کتێبەی بۆ تەرخانکراوە.

**ستێر**
گۆڤارێکی رۆشنبیری وەرزی بووە، لە ئەوروپا دەرچووە؛
ژمارە 1، ساڵی 1983 دەرچووە
تا سالی 1993 زیاتر لە 10 ژمارەی لی دەرچووە.

**ستێر**
گۆڤارێکی ئەدەبی بووە و پارتی هەڤگرتنا گەلێ کور لە سوریا
دەریکردووە؛
ژمارە 1، لە بەهاری ساڵی 1983 دەرچووە.



ژمارە 25 کە دوا ژمارەیە ساڵی 1997 دەرچووە.

**ئەستێرە**
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵان بووە و لە سلێمانی، لە لایەن عەلی
کەمال بە هاوکاری شەوبۆ عەبدوڵلاو ئەزمری ساڵح دەرچووە؛
ژمارە 1 ساڵی 1992 دەرچووەو هەر ئەم ژمارە یەی لێ
بڵاوکراوەتەوە.

**ئەستێرە**
گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری بووە لە لایەن یەکێتی قوتابیو لاوانی
دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەرچووە؛
ژمارە 1، ساڵی 1993 دەرچووە.

**ستێر**
لەساڵی 1993 لە سوریا دەرچووەو ئەمە دوای ئەوەی لە گەڵ
گۆڤاری بهارا لە یەکتر جودابوونەوە، پاش ماوە یەک ئەم گۆڤارە
لەگەڵ پرس یەکیان گرت.

*بەشی دووەم*

**ئەستێرە**
**یەکەمین گۆڤاری نهێنیی بۆ منداڵانی کورد**



**ناساندن**

لەسەر بە رگی پێشە وەی گۆڤارە کە نووسراوە، ئە ستێرە، گۆڤارێکی منداڵانە، مانگی جارێک دە ردەچێت، ژمارە لە 1983/2/1 دەرچووەو بریتیە لە 24 لاپەڕە، تەنیا دوو رەنگ بەکارهاتووە، بەرگی دەرەوەو ناوەوەی بە رەنگی قاوە یی چاپکراوە و بابە تەکانی ناوە وەش بە رەنگی رە ش چاپکراون، قەبارەکەی بریتیە لە 21،5 بە 16،5 سم، گۆڤارێکی وێنە دارەو وە ک هە ر گۆڤارێکی تایبە ت بە منداڵان زۆرترین فە زای لاپەڕەکان بۆ وێنە تەرخانکراوە، وە ک بۆم ساغ بۆتەوە لە چاپخانەی شە هید جە عفەر چاپکراوە ، چاپخانە ی ناوبراو، چاپخانەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە.

**بۆچی ئەستێرە؟**

بە وردبوونەوە لە لاپەڕە 3 ی گۆڤارە کەو هە روەها کاکە عەبەی سەرپەرشتیاریش دەڵێت لەبەر خۆشەویستی گۆڤاری (ئەستێرە) کە لە سلێمانیو بەغدا دە ردەچوو ناوی گۆڤارە کەیان ناوە ( ئەستێرە) لە لاپەڕە 3 دا لە ژێر ناونیشانی ( چرپەیەک) نووسراوە؛

(مناڵە ئازیزەکان، وا جارێکی تریش(ئەستێرە) کەتان هە ڵهاتەوە، بەڵێنتان پێ دەدەین، تا بتوانین بە بەردەوامی، چیرۆک و شیعرو بابەتی هە مە رەنگتان پێشکە ش دە کەین، هیواداریین سوودی لێ ببینین. هەر سەرکەوتوبن)

**ناونیشانی بابەتەکان**

- ساڵی تازەتان پیرۆز بێت.................................................... ل 2
- چرپەیەک .................................................................... ل 3
- قارەمانێکی بچکۆڵانە، ئامادەکردنی عەبە........................... ل 4- ل 7
- کارزان، شیعری لالۆ رەنجە................................................ ل 7
- چۆن ئاگر دۆزرایەوە؟ ئامادەکردنی گارا............................. ل 9- ل 13
- ناودارانی کورد ( حاجی قادری کۆیی ) ئامادەکردنی؛ مەریوان..... ل 14
- قوتابخانەکەمان، چیرۆک و سیناریۆ؛ یوسف، وێنە؛ عەبە.......... ل 15- ل 19
- شیعرێکی زێوەر.............................................................. ل 19
- نیشتمانەکەت بناسە، ئامادەکردنی؛ ش. هەرشەمی ............ ل 20
- مەتەڵ.......................................................................... ل 21
- بۆ زاخاوی مێشک............................................................ ل 22
- دوا وتە، دیاکۆ............................................................... ل 23

**ساغکردنەوەی ناوی نووسەرەکان**

ئەو نووسەرانەی کە لە ئەستێرەدا بەرهەمیان بڵاوکودۆتەوە زیاتر بە ناوی یە کەم یاخود بە ناوی خواستن بە رهەمیان نووسیوەو ئامادەکردووە، هەوڵدەدەم ناوەکان ساغبکەمەوە؛

عەبە؛ ( کاکە عەبەی هونەرمەندی شێوەکار)ە.
لالۆ رەنجە؛ ( لالۆ رەنجەی گۆرانیبێژ)ە.
گارا؛ ( گارای هونەرمەندی شێوەکار)ە.
مەریوان؛ ( مەریوان وریا قانع- ی نووسەر)ە.
یوسف؛ ( یوسف شەریف-ی نووسەر)ی کۆچکردوو.



ش. هەرشەمی؛ ( شاسوار هەرشەمی- ی نووسەر)
دیاکۆ؛ (مەریوان وریا قانع )ە.

**بۆچی نهێنی‌یە؟**

گۆڤاری ئە ستێرە، وەل لە پێشەوە ئاماژەم پێدا لە چاپخانەی کۆمەڵەی رە نجدەرانی کوردستان چاپکراوە ، لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی باشوور لە ژێر دە سەڵاتی یە کێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوبۆتەوەو بە نهێنی بۆ ناوچە کانی کوردستان؛ گوند، شارۆچکە ، شارە گەورەکان نێردراوە و هەوڵدراوە زۆرترین خوێنەری هەبێت، لە باری زانستیدا ئەگەر گۆڤاری ناوبراو پۆلێن بکە ین ئە وە پێویستە لە خانەی گۆڤاری نهێنی پۆلێنی بکەین، چونکە هەم لە باری بڵاوکردنە وەو خوێندنەوەدا بە نهێنی ئەو دەست ئەو دەستی کردووە، هەم مۆڵەتی رەسمی نەبووە.

**بۆچی یەکەمین گۆڤلوە؟**

ئەگەرچی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە 21ی نیسانی 1946 گۆڤاری ( گروگالی مندالانی کورد ) وەک یەکەمین گۆڤار کە تایبەت بێت بە منداڵانی کورد لە دایک بوو ە، بە ڵام گۆڤاری گرِوگاڵ ناچێتە خانەی گۆڤاری نهێنی چونکە لە ژێر سێبەری کۆماری راگەیەنراوی کوردستاندا چاپ و بڵاوکراوە تەوە، بۆ نموونە ژمارە 1ی گۆڤارە کە بە عەلی قازی- ی کورِی پێشە وا پێشکەشکراوە، پێشکە شکردنەکە بەم شێوە یە نووسراوە؛ ( پیشکەش بە: تاقە گولی هیوای کوردستان پیشرە وی منالا نی کورد بو ری ی زانستی و ە ونەر اغای " علی قاضی" رولەی شیرینی حضرت پیشوای بەرزی کوردستان ). ئەمە بەڵگەیەکی زیندووە کە گۆڤاری ناوبراو سەر بە دەسەڵاتدارانی کۆمار بووە، واتە بە ئاشکرا دەرچووە.

ئەوەی بۆم ساغ بۆتەوە تا ساڵی 1983 بە نهێنی لە کوردستان‌داو لە نێو شۆڕش هیچ گۆڤارێک پێش ( ئەستێرە ) دەرنەچووە.

**فۆرم**

ئەوەی زیاتر بە لای منداڵاندا لە گۆڤاری ئەستێرەدا گرنگ و جێگای سەرنجو بایە خپێدانە بوونی وێنە یە کە تەواوی لاپە ڕەکانی بە وێنەی واتادار پڕ کراوە تەوەو وێنەکان هەم بەشێکن لە رووداو هەم نووسینەکان تە واو دە کەن، لاپە ڕە نیە چەندان وێنە ی تێدا دانەنرابێت، وێنە کانیش بە قەڵەمو دە ستی هونە رمەندانی کورد کێشراون کە بویتین لە کاکە عەبەو گارا کە پێشتر هەردووکیان لە شارەکاندا بە تایبەتی لە بەغداو سلێمانی لە گۆڤاری ئەستێرەی ئاشکرادا کاریان کردووە یاخود بە وێنەو بابە ت هاوکار بوونە ، ئەگەرچی تەواوی بابەتەکانی گۆڤارەکە بە دەست نووسراوە تەوەو پاشان خراوەتە سەر ستێنسڵو راکێشراوە، بەڵام بە جۆرێک کارەکان رایی کراون هارمۆنیەتی ئیستاتیکای خۆیان لە دەست نەداوە، بەڵام لە کاتی راکێشران و چاپکردنی چەند ستێنسڵێکدا حبر بە هاوسەنگی بە سەر رووبە ری بابە تو وێنە کان دابەش نە بووەو لە چەندان شوێندا هەست بە کاڵبوونەوەی بابەتو وێنەکان دەکرێت.
هەوڵدراوە کارەکە بە شێوەیەک دیزاین بکرێت کە سەرنجی منداڵ بە لای بابە تو وێنە کانی گۆڤارەکە رابکێشرێت، بە تایبەتیش لە کاتی کار کردن لە سەر ماکێت ( فەزای لاپە ڕەکان)دا، تا لە کاتی کارکردن لە سەر هێڵ و چۆنیە تی راکێشانی هێڵ یشدا جۆرێک لە وردەکاری بە دی دە کرێتو هونە رمەندانە هێڵەکان داندراونو کێشراون، پێوە رو پێوانە ی هێڵە کان وە ک پرۆسێسێکی ماتماتیکی بەڕێوەچووە.



**ناوەڕۆک**

بە وردبوونەوە لە ناونیشانو زمان و داڕشتن و دابە شکردنی ستوونەکانو دانانی نیشانە کانی خاڵبەندیو سادە یی لە دەربڕینو کورتبێژی لە دەستەواژەو پە رەگرافدا ئە و راستییە مان بۆ دەردەکەوێت کە سەرپەرشتیارو ستافی گۆڤارە کە شارەزاییان لە کاروبارو هونەرکاری رۆژنامەگەریی هەبووە، ئاگاییان لە ئاستێکدا بووە لە کاتی نووسین و ئامادە کردنی بابە تەکاندا قۆناغە کانی گەشەی منداڵیان لە بەرچاو بووە، وە ک هە ر گۆڤارێکی تایبە ت بە منداڵان خاڵی هە رە بنەڕەتی کە کاریان لە سەر کردووە بواری پەروەردەکردنی منداڵ بووە ، ئەوان هەوڵیان داوە کە منداڵی کورد گۆش بکە ن بە پەروەردەیەکی زانستی کوردستانی و کوردینی ( نەتەوەیی).
هەروەها کاریان بۆ ناسینی ر ەمزو سیمبۆڵە کانی خە باتی کورد کردووە، بۆ نموونە پێشمەرگەو بەرگریو هێز بابە تی سە رەکی دوو توێی بابەتەکانی گۆڤاری ئەستێرەن، هەروەها بواری زانستیش لە بیر نەکراوە بە تایبەتیش پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

**ئەستێرە بۆ وەستا؟**

ئەگەرچی کاکە عەبە کە سەرپەرشتی دەرچوونی گۆڤاری ئەستێرەی دەکرد لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانمدا سەبارەت بە وەستانی گۆڤارەکە، وابەستەی دەکات بە گواستنەوەی لە دەزگای راگەیاندن بۆ کاری رێکخستن، دە کرێت ئە م خاڵە یەکێک لەخاڵەکان بێت، بەڵام ئە وەندەی من ئاگاداربم و لە نزیکەوە ئاگادار بم، ئە وان کێشەی بابەتیشیان هەبوو، لەم رووەوە ئەم رووداوە دەگێڕمەوە؛
ماوەیەک بوو گۆڤاری ئەستێرە دەرچوو بوو، من و دوو برادە ریتر بۆ چەند کارێک سە ردانی ناوچە ئازادکواوەکانمان کرد، دوو شە و میوانی دە زگای راگە یاندنی مە ڵبەندی 3ی یە کێتیی نیشتمانیی

کوردستان بووین کە ئەو کاتە بارەگاکە لە گوندی کانی بەرد بوو لە دۆڵی بالیسان، یە کێک لەو شە وەکان گفتوگۆمان سە بارەت بە ناوەڕۆك و فۆڕمی گۆڤاری ئە ستێرە کرد، کاکە عەبەو شەهید یوسف شەریف دوایان لێکردین کە ئێمە لە شاردا بابەتەکان ئامادە بکەین و بۆیان بنێرین تا چاپی بکە ن، ئەوەی لە بیرم مابێت بابەتەکانی ژمارە 2-مان ئامادەکردو بۆمان ناردن بەڵام نازانم بۆ چاپ نەکرا؟!

**ئەنجام**

لە ئەنجامی خوێندنەوە و بەدواداچوونی بەردەوامو دنیابینی کادرو پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ بە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان1975- 1991 دەرفەتێک سازکرابوو بۆ کاری نوێ ، بەرهەمی نوێ، داهێنانی نوێ.

دەتوانرێت بەڵگەکەکانی نێو رووداوەکانی شۆڕشی نوێ بە زیاتر لە واتایەک شیتە ڵکاریان بۆ بکرێت، بە ڵام ئە وەی کە ناتوانرێت نکووڵی لێ بکرێت و فە رامۆش بکرێت، ئە وەیە، کە پانتاییەک ئامادەکرابوو دەیان کاری ناحزبیو بیری ناتەسکی ئۆرگانی خولقاند کە گۆڤاری ئە ستێرە یەکێکە لە دەستکەوتەکانی واقیعی ئام اژە پێکراو.

سەرەڕای دە ستکورتی لە بواری تە کنۆلۆژیای نوێ چاپدا ، بەڵام گۆڤاری ئەستێرە دەتوانرێت بە نموونەیەکی پێشکەوتووی چاپی نێو واقیعی رووداوە کانی شۆڕش و پێشمە رگایەتی لێک بدرێتە وە، بە تایبەتیش لە باری فۆڕمدا بریتیە لە سەلیقەیەکی وردی کاری هونەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی.

پەروەردەیەکی کوردستانی و نە تەوەیی بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەستێرەدا دیارە ئەمەو سە رەڕای گرنگیدان بە بابەتی زانستی و مێژوویی.



**بەشی سێیەم**

# خاوەنی ئەستێرە
# لە کتێبی ئەستێرەدا

کاکە عەبە ساڵی 1951 لە شاری هەولێر لە دایک بووە، دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بە غدایە، لە رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤارە کانی بە یان و ئەستێرەی ب ەغدا وێنە و کاریکاتێرەکانی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی 1975 تا 1979 لە لایەن رژێمی بەعس لە بەغدا زیندانی کراوە ، ساڵی 1981 پەیوەندی بە هێزی پێشمە رگەی کوردستان کردووە ، لە دەزگای راگە یاندنی کۆمەڵی رە نجدەرانی کوردستان کاری کردووە، پێشەنگایەکی کاریکاتێری لە ناوچە ئازادکراوەکانو لە سنەو یۆتۆبۆری و هەولێرو سلێمانی.. هتد کردۆتەوە، لە ساڵی 1991-ەوە لە سوید دەژیت، ئەوە ماوەی زیاتر لە 4 ساڵیشە بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە

کاکە عەبە سەرپەرشتی دە رچوونی ئە ستێرەی نهێنی کردووەو بۆ نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی رایی کردنی کارە کان، وەڵامی ئەم چەند پرسیارەی داینەوە؛

**روانینت بۆ منداڵ چییە؟**

- منداڵ ئە و کائینەیە تاکو ئێستا پێناسە یەکی تێروتە سەل و درووستی بۆ نە کراوە چونکە خۆی لە خۆیدا من داڵان خاوە نی جیهانێکی تایبە تن، بیرکردنەوەو خە ون و ئارەزووەکانیان تە واو جیاوازی هەیە لەگەڵ گەورەکان ، ئەو کائینە بچکۆڵە هێندە جوان و



ناسکە هەرچی دە ربارەی بلّێ یت هێشتا مافی تە واوی خۆی پێنادەیت، ئەو مرۆڤە بچکۆلەیە پێست سپی بێت یان رە ش ، سوور بێت یان رەنگ گەنمی، هەموو کەسێک خۆشی دەوێت، کە گەورەکان تووشیان دەبن بزەو خەندەیان پێدەبەخشێت، بۆیە منداڵ پێگەیەکی تایبەتی هە یە لە ژیانداو بۆتە جێگای تێڕامان و سەرنجدانی زانایان و ئەدیبان و هونەرمەندان و ستافی کەسانی پەروەردەکەر.

جیهانی منداڵ ئەو کائینە هێندە فراوان و گەورەیە خەیاڵ وخواستەکانی تێدا لە بن نایەن، بێگومان ئەویش خاوە نی ئەدەبی خۆیەتی، هو نەری خۆی هە یە، زمانی خۆی هە یە، وەک تاکێکی سادە، بێ غە ل وغە ش ، بێ پێچ وپە نا هە ستەکانی خۆی دەردەبڕێت، سانسۆر ناخاتە سەر قسە کانی، ئەو کائینە ناسکترە لەپەڕەی گوڵ، هەڵبەتە بە قەدەر هزرو هۆشی خۆی لە دەوروبەی دەگات.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گرنگی زۆر بە منداڵان دراوە ، بۆیە دەیان و بگرە سەدان زاناو دانا و نووسەرو هونەرمەند هەن هەموو توانای خۆی بۆ چۆنیەتی داڕشتنی ئە و تاکە بچکۆلەیە، بۆ چۆنیەتی بە خێوکردن و پەروەردەکردنی تەرخانکردووە، چونکە بە سامانێکی نە تەوەیی گە ورەیان داناوە ، یەکێک لە و پرۆژانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە پەروەردەکردنی منداڵانەوە هەیە، هەبوونی ئەدەب و هونەرێکە منداڵانی پێگۆش دە کرێت، جگە لە سەدان هەزاران یاری و بەرنامەی تە لەفزیۆنی و فیلمی سینە مایی ..... هتد، کە هەر هە موویان کارلەسەر یە ک تە وەر دەکەن ئەویش راهێنان و پەروەردەکردنی منداڵانە لەسەر رەوشت و رەفتاری باش چونکە منداڵ کەرەستەیەکی خاو ە ، هەر لەمنداڵییەوە چۆنت گەرەک بێت ئەوها سیرامیکی کەسێتیان دادەڕێژیت ..

**سەرەتاکانی رۆژنامەگەریی بۆ منداڵان لە جیهاندا چۆن سەریهەڵدا؟**

- پێش پە یدابوونی گۆڤارە تایبەتییەکان بە جیهانی من داڵان، دەیان کتێب بە چیرۆکی ناسک و جوان بۆ منداڵان لە لایەن نووسەرە

گەورەکان وەکو نووسەری بە ناوبانگی دانمارکی (هانس کریستیان ئاندرسۆن) لە ئەوروپادا بڵاوبونە تەوە، هەروەها هونەرمەندی گەورەی ئەمەریکایی (واڵت دیزنی ) چەندین کەسایەتی لە چەند فلیمێکدا بۆ من دالآن بەرهەمهێناوە، پاشان خەیاڵی دەوڵەمەندی هەندێک لە هونەرمەندە هەست ناسکەکان بو و بە هەوێنی پەیدابوونی دەیان گۆڤاری وێنەدار بۆ منداڵان کە نزیکەی سەدەیەکە پەیدابوونە، بۆ نموونە کەسێتییە خەیاڵاوییەکانی وەک تارزان1912، میکی ماوس 1928 ، تانتان1929، دوناڵدوک1934، سوپەرمان1938، باتمان1929، بینوکیۆ1940، هەر ئەوەش بووە هەوێنی پەیدابوونی دەیان گۆڤاری دیکەی وەک وەک تۆمو جێری ، سپایدەرمان ، ئێکس مان ، ئایرۆن مان، ڤۆلفررین . میستەر ئەمێرکا ... هتد، هەموویان لەرەگەزی ئەو جۆرە گۆڤارانەی سەرەوەن کە ئێستا لە وڵاتانی جیهاندا هەن و ناو و ناودەنگیان پەیداکردوەو منالآنیش پێیان ئاشنابوون..کە سەرجەمی ئەو گۆڤارانە منداڵان بەو ئاقاری پەروەردەکردنە دەبەن کە دژی شەڕوشۆڕ بن.

**ئایا هەر لە ژێر کاریگەریی ( ئەستێرە)کەی بەغدا، لە شاخ دەستت بە دەرچوونی ئەستێرە کردەوە؟**

- بە سوود وەرگرتن لە شێوازی پەروەردەکردنی جیهانی و بەچاولێکەری لە ئەزموونی ئەو گەلانە، هەندێک لە کەسانی دڵسۆز شانی خۆیان دایەبەر ئەم ئەرکە، بە هیمەتی مامۆستای رۆژنامەنووس مامۆستا جەمال خەزنەدار، دکتۆر ئیحسان فوئاد ، یادی بەخێر دڵشاد مەریوانی شاعیرو چەند نووسەرێکی دیکە، بە هاوکاری هەندێک لە هونەرمەندانی نیگارکێش وەک (دارا محەمەد عەلی، مەدحەت کاکەیی، قەرەنی جەمیل، بەندە ) وچەند هونەرمەندێکی دیکە ناوەکانیانم ئێستا نایەتەوە یاد، گۆڤاری ئەستێرەمان لە بەغدا بە بوون هێنا ، بەو ئیمکانیاتو ئەزموونە کەمەی هەمان بوو بە بەراوردکردنیش لەگەڵ گۆڤارە ناودارەکانی جیهان بگرە هەتاکو لە بەرامبەر گۆڤاری (ئەلف با )ی عێراقیش کە



دەوڵەت بە بودجەی تایبەتی لە پشتەوە وەستابوو ئێمە کارێکی گەورەمان بە ئەنجام گەیاند چونکە ئارەزوویەکی بە هێز لە ناخماندا خۆی حەشاردابوو، تەنیا پێویستی بە وەبوو، دەرفەتێک بێتە کایەوە تاکو تواناکان خۆیان دەربڕن وابوو یەکەم ژمارەمان دەرچواند، زێتر بڕوامان بە خۆمان پەیداکرد، کاتێک زانیمان بۆ رۆژی دوایی لەبازاردا دانەیەکی نەما بوو.

**بۆ ناوت لە گۆڤارەکە نا ( ئەستێرە)؟**

- ویستم جارێکی دیکە رۆح بەبەر ئەستێرەی بەغداوە بکەم و ئەو مێوانە خۆشەویستەی کە لە منداڵانی کوردیان دابڕاند جارێکی دیکە بە یەکتریان شادبکەمەوە، چونکە؛

ا- ئەم ناوە لەلای من مێژوویەکی جوانی هەبوو، بە قەدەر جوانی منداڵان، بە لای من ناوی ئەستێرە جوانترین پێناسەیە بۆ منداڵان، هەموو منداڵێکیش ئەستێرە گەشو بریقەدارەکەی ماڵە باوانییێتی.

ب- داخستنی ئەستێرە غەدرێکی گەورەبوو لە هەموو منداڵانی کوردستان کرا بە بۆچوونی من مەبەست لە دەرنەچوونی ئەستێرە بۆ ئەوەبوو تاکو زارۆکەکانی کورد هەرگیز نەبنە خاوەنی گۆڤاری منداڵانەی خۆیان ، ئەستێرە بە تەمەن ساوابوو بەڵام بەگەورەیی خۆی خزاندە ناو گۆڕە پانی ئەدەبی منداڵان، زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم لە رووی بابەتەکان و وێنەکانیدا لە بەرامبەر گۆڤاری (ئەلف با ) دەوەستاو خۆی بە بچووک نەدەهاتە بەرچاو.

ج- زۆر حەزم لەو ناوە دەکرد، چونکە لە دروست بوونیدا ، منیش بایی خۆم دەستم تێدابوو ، ویستم ئەو ناوە نەمرێت و تابۆم بلوێت ئیدامە بەدەرچوونی بدەم.

**گرفتەکانت چی بوون؟**

- لە شاخ من هیچ گرفتێکم نە بوو . کاتێکی زۆرم لە بەردەستدابوو تاکو فریا بکەوم وێنەکانی بکێشم ، گرفتی پەیداکردنی بابەتی چیرۆکەکانیم نەبووم، چونکە لەو جۆرە چیرۆکانەم دەست دەکەوتن بێجگە لەوەش لە ناوچەیەکدا دەژیام تێیدا ئازاد بووم، پاڵپشتم

هەبوو، چاپخانەمان هەبوو، تەنیا گرفت کە بیرم لێدەکردەوە بریتی بوو لە وەی لە کاتی دە رچوونیدا چۆنیان بگە یەنمە بەردەستی منداڵانی کورد، ئەوەش بە لای منەوە لەئیشەیەکی ئەوتۆ نەبوو وەک کۆسپێک لێی بڕوانم ، ئەو هاوڕێیانەی لە وێدا کاریان دە کرد ئەوانیش پاڵپشتێکی باش بوون و هانیان دە دام و کارئاسانیان بۆ دەکردم .

**هاوکارانت کێ بوون؟**

- ئەو سەردەمە هاوکارانم هەر ئەو ە اوڕێیانەی خۆم بوون کە لە بەشی راگەیاندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کاریان دەکرد، کە جگە لە دەرکردنی گۆڤاری کۆمە ڵە و بڵاوکراوەکانی دیکە بابەتی دیکەشیان بە چاپ دەگەیاند.

**چۆن بابەتەکانت هەڵدەبژارد؟**

- ئەوەی لە هەموو ئەوجۆرە گۆڤارانەی تایبەت بە منداڵاندا هەیەو باوە، سەرەتا چیرۆکێک دیاری دە کرێت و پاشان لەخودی بابەتەکە سیناریۆکەی لێوە ردەگیرێت ، پاڵەوانە سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکە هە ریەکەیان رۆڵیان دیاری دە کرێت، ئینجا رۆڵی هونەرمەندەکە دێت ، ئەویش بە سەلیقەو شارە زایی خۆی چیرۆکەکە دابەشی چە ند وێنە یەک دەکات ژمارە یان بۆ دادە نێت بە مەرجێک ئەگەر چیرۆکەکە لەیەک ژمارەدا بە چەند وێنەیەک تەواو ببێت ئەوە هونەرمەندەکە خۆی دەیزانێت بە چ ئەندازەیەک درووستیان دەکات و چەند وێنەش دەبێت، ئەگەر بە زنجیرەش بێت ئەوە هونەرمەند خۆی دە بێت پلانی بۆ دابنێت لە بەر ئە وەی هەندێک چیرۆک هە ن دوورو درێژن و لە یەک ژمارەدا تەواو نابن، دیالۆگی نێوان کە سەکانی ناو یە ک تابلۆ بۆ من داڵان هە تا بکرێت سادەو ساکاربێت ، دەبێت ک ام قسە ش وە کو دە نگ دە بێت بەرجەستەی بکە یت و کام قسە ش نابیسترێت تە نیا لە مێشکدا وەدەری بخەیت .

**ئایا وێنەکان هەمووی جەنابت کێشاوتە؟**



- بە راستی ئەوەم لەیادنەماوە چونکە وا بۆ پتر لە بیست ساڵ دەچێت ، ئەوگۆڤارەم نە بینیوەتەوە، بە رێزتان دە توانن تە ماشای هەموو وێنەکان بکە یت ،شێوازی وێنە کێشانی من دیارە و ناوی منیان پێوە یە ،نایەتەوە خەیاڵم هە موویان من کردوبوومن رە نگە یەکێکیتریش وێنەیتری کێشابێت

**کێ بوون ئەوانەی لەم تاقە ژمارەیەدا نووسیویانە؟**

- ئەوانەی کە وەبیرم دێنە وەو ئە وێ رۆژێ لە بارەگای کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە چاپخانەکەدا لەوێدابوون (شەهید یوسف شەریف ، شەماڵی بەهجەت کابان ، سیامەندو خوشکە شنۆو فاروقی برایان کە خەڵکی کوردستانی رۆژ هەڵات بوون کادیری راگەیاندنی دیکەش لەوێ هەبوون بە داخەوە ناوەکانیان نایەتەوە یادم، بەڵام یادی بەخێر پێشمەرگەی جوانە مەرگ کاک یوسف شەریف لە رووی هەڵبژاردنی وشەی ناسک و سادە کە مێشکی من داڵان هە میشە توانای ئەزم کردنیان هەیە یارمەتی دەدام ، ئەوانە هەر هەموویان یارمەتیان دەدام هە ریەکە بە قەدەر ئە و ئیشەی کە پێوە ندی بە ئیشەکەی منەوە هەبوو.

**ئایا هەر بە تەنیا تایپو رۆنیۆ کارەکانتان رایی کردووە؟**

- بەڵێ ئە وێ رۆژێ هە ر تایپ و رۆنیۆمان هە بوو، ئەستێرە بە رەنگی رە ش وسپی لە چاپ درا ، من هە موو وێنەکان بە نووسینەکانیەوە ئامادەم دەکردن، ئەوان دەیانخستە سەر رۆڵەکەو رایان دە کێشا پاشان ژمارە بە ژمارە دەرزیمان لێدە دا ، پوخت و جوان دەقمان دەکرد، دامان دەنا تاکو دەهاتن و دەیان برد،

**چۆن پێشوازی لە گۆڤارەکە کرا؟ ئایا بۆ خوێندگاکانی ناوچە ئازاد کراوەکانتان نارد؟**

- ئەوەی لە یادمە نزیکەی شە ش سە د تاحە وت سە د دانە مان لێ چاپکرد بە راستی ئە وەی ئاگام لێبوو پاشانیش بیستمە وە خەڵک زۆریان پێخۆش بوو، بۆ ئە وەی بە ئاسانی و زۆرترین ژمارە بگاتە دەستی منداڵانی کورد لە ناوچە رزگارکواوەکان ئێمە هەم بە

قەوارەی بچووک و هەم بە کێشێکی سووک ئە ستێرەمان بە چاپگەیاند، کەرت و مەفرەزەکانی پێشمە رگە کە دەگەڕانەوە ناوچەی چالاکییەکانیان هەریەکەو بە قەدەر پێویستی ناوچە کەی خۆی ئەرکی بردنی چە ند دانەیەکی دەگرتە ئەستۆی خۆی، پاشان بیستمەوە منداالان داوای زۆرتریان کردبوو، کلێشەکەیم هە رمابوو، بەڵام بۆ دووبارە دەرفەتم بۆ نەڕەخساچاپی بکەمەوە.

**بۆچی ژمارەیتری بە دوادا نەهات؟**

- بە داخەوە نەمتوانی ئیدامە بە دەرکردنی ئەستێرە بدەم، وابوو من رەوانەی دۆڵی خانەقاکرام و چوومە جێگەکەی یادی بەخێر کاک جەبار فە رمان کە ئەو پێشتر بە ربرسی کە رتی رێکخستنی چۆمان بوو، ماوەیەک ئیش وکاری رێکخستنی ئە و کەرتەم پێسپێردراو پاشانیش بووم ، بە ئەندام مە ڵبەند لە مەڵبەندی سێ و بە شی راگەیاندنی ئەو مەڵبەندەیان پێسپاردم ، مەشغەلەتی ئیشوکار لەم مەڵبەندە وای لێکردم نە توانم ژمارەکانی دیکەی ئەستێرە دەربکەم ، لەوێش لەگەڵ چە ند کادیرێکی دیکە بە دەرکردنی گۆڤاری (راپەڕین)ەوە خەریک کرام.

**شتیتر کە پەیوەست بێت باسی بکەیت ؟**

- مەسەلەی دروستکردنی کە سێتیەک کە مۆرکێکی م یللی پێوە دیاربێت وەکو چەند میللەتێکی ئەم جیهانە، هەیانە و هەریەکەیان خاوەنی کەسێتیەکی کارتۆنی خۆیانن و بینەر هەرکە دەیانبینێت چ لە تەلەفزیۆنەکاندا بێت یان لە گۆڤارەکاندا یەکسەر کارتۆنی ئەو میللەتە لەوەکەی تر جیادە کاتەوە، چۆن(مانگا کارتۆن )ەکانی ژاپۆنی جیادە کرێنەوە لە میکی ماوس و تۆم و جێری و پاڵە وانی زنجیرە کارتۆنەکانی مارڤێلی ئە مەریکایی منیش حە زم دە کود ئێمەی کوردیش خاوە نی کە سێتیەکی خۆمان بووینایە دەزگایەکی گەورەمان هەبوایە بۆمناڵەکانمان بابەتی بە پێزو بە تامماں بۆیان



دروست بکردایە ، وەک وەفاداری بۆ ماندووبوونی ئەو کەسانەی کە هەمیشە خەریکی ئە وەبوون خزمە ت بە جیهانی مندالانی کورد بکەن چە ند کە سانێک پە یدابوون، ئە مەکدارانە هزرو قەڵەمی دەوڵەمەندو بڕشتی خۆیان لە و بوارەدا بەگەڕ خستبوو بە نیازی ئەوەی منداڵانی کورد ببنە خاوەنی ئەدەبێک کە تایبەت بێت بە جیهانی ئەوان، هەرنەبێت لانی کە م گۆڤارێکی مناڵانە ی خۆیانیان هەبێت.

**بەشی چوارەم**

# " ئەستێرە "ی ئۆرژیناڵ و تێکستی بابەتەکان



**دوو رستە**

بۆ باشتر وردبوونە وە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ژمارە ی ناوبراوی گۆڤاری ئە ستێرە، وا تە واوی بابە تەکان هە ر لە لاپەڕە 1 تا دوالاپەڕە (لاپەڕە 24 ) دەنووسینەوە، بە تایبەتیش ئەگەری ئەوە هەیە کە لە کاتی چاپکردنەوەی دانە ئۆرژیناڵەکە چەندان پیت و خاڵ و وشە دەرنەچن، یاخود بە شێوەیەک کاڵ بن کە چاو ئازار بدەن.

................................................................................

ژمارە 1          1983 /2/1

**ئەستێرە**

گۆڤارێکی منداڵانە، مانگی جارێک دەردەچێت

.......................................................................

سالّی تازەتان پیرۆز بێت... لاپەڕە 2

.......................................................................

**چرپەیەک...** لاپەڕە 3

مناڵە ئازیزەکان، وا جارێکی تریش(ئەستێرە) کەتان هە ڵهاتەوە، بەڵێنتان پێ دەدەین، تا بتوانین بە بەردەوامی، چیرۆک و شیعرو بابەتی هە مە رەنگتان پێشکە ش دە کەین، هیوادارین سوودی لێ ببینین. هەر سەرکەوتوبن.

- ئەستێرە -

...........................................................................

**قارەمانێکی بچکۆڵە**... لاپەڕە 4

**ئامادەکردنی: عەبە**

دوو ساڵ لە مەوبەر/ دوژمنی داگیرکە ر هێرشی هێنایە سەر بنکەکەمان/ پێشمەرگەکان کەوتنە شەڕ لەگەڵیانا/ فڕۆکەکانی دوژمن لە ئاسمانەوە/ سەربازەکانیش لە زەویەوە/ بە گژمانا دەهاتن/ بە درێژایی شە و هە ر شە ڕ بوو / دەزانی خۆراکمان نەماوە/ پێویستە یارمەتیان بدەم/ لەوانەیە نانیان لا نەمابێت/ دەبێ زوو فریایان بکە وم.. بەڵام نابێ سە ربازەکان بمبینن / پێشمەرگەکن قارە مانانە دوژمنیان شکاندو کوشتارێکی زۆریان لێ کردن، بە شێوەیەک لاشە ی سە ربازەکان لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا بە جێ مان / بە ناوی هە موو پێشمە رگەکانەوە سوپاست دەکەم/ پێشمەرگە خۆشەویستە، نیشتمانەکەمان رزگار دەکات، کە گەورەش بووم، هە ر دە بم بە پێشمەرگە/ دەک ئافەرین/ لە کاتێکدا هێزە کانی دوژمن ئابلۆقە ی پێشمەرگەکانیان دابوو، مناڵێکی قارە مان بە هانای پێشمەرگەکانەوە چوو، یارمەتیەکی چاکی دان/ هەر سەرکەوتوو بێ شۆڕشەکەمان/ ( کۆتایی)

...........................................................................

**کارزان**... لاپەڕە 8

**لالۆ رەنجە**

کارزان منداڵی ژیرە
تا بڵێی رۆشنبیرە



کارزانی روتو برسی
لە هاوڕێکانی پرسی
دەزانن کێم خۆش دەوێ؟
دڵ زۆر لێدەدا بۆ کێ؟
هاوڕێکانیشی وتیان
جل و بەرگی تازەو جوان
وردە یاری منداڵان
وتی نەخێر هاورێکان
ئازادی گەلم دەوێ
کرێکارم خۆش دەوێ
ئەو شوێنەی پڕ زانینە
گورج را دەکەم بۆ ئەوێ
هاوڕێکانی تێگە یاند
لەمەولا چییان بوێ

...........................................................................

کەمانچەژەنی لێهاتوو شەهید کارزان... لاپەڕە 8

...........................................................................

**چۆن ئاگر دۆزرایەوە؟**... لاپەڕە 9

**ئامادەکردنی: گارا**

مرۆڤی کۆن نە یدەزانی ئاگر چی یە !/ لە گرمەی هەور دە ترسا/ درەختە سووتاوەکان سە رنجی رادە کێشا/ لایان سە یر بوو !/ بەردەکان هە مە چەشن بوون / ئامرازەکانیان لە بەرد دروست دەکرد/ لە کاتێکدا بە بەرد لە یەکیان دە دا/ بەردەکان پڕیشکیان دە دا/ سەرسام بوون / پاشان ویستیان خۆیان پڕیشک دروست بکەن/ بە شەو پڕیشکیان چاکتر دە بینی/ ئینجا بیریان لە بروسکە کردەوە/ بیریان لە سوتاندنی درە ختەکان کردە وە/ بروسکە درەختەکانی س ووتاند/ ویستیان خۆیان درە ختەکان بسووتێنن/ پاش هە وڵێکی زۆر .. سووتاندیان/ 250000 ساڵ

لەمەوپێش بۆ یەکەم جار ئاگریان کردەوە/ توانییان بۆ زۆر شت بەکاری بهێنن.

..........................................................................

**ناودارانی کورد...** لاپەڕە 14

**حاجی قادری کۆیی**

ئەم شاعیرە مەزنە لە ساڵی 1820 لە گوندی " گۆڕ قەرەج" ی نزیک شاری " کۆیە" لە دایک بووە ، خاوە نی هە ستێکی نەتەوایەتی پیرۆزو شۆڕشگێڕێکی نموونە یی بووە ، شیعرە کانی هەمیشە لە دژی ئاغاو دە رەبەگەکانی ئە و سە ردەمەی کوردستان بە کارهێناوە، بۆیە راویان ناوە و شار بە دەریان کردوە، ناچار کۆیەی جێهێشتوەو بەرەو " ئەستەمبۆڵ" رۆیشتوە تا لە ساڵی 1897 زایینی هەر لەم شارەدا کۆچی دوایی کردوەو هەر لەوێش نێژراوە.

ئەمەش نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

جۆشی بدەن وەکو هەنگ    تەگبیر بکەن بە بێ دەبگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن    تۆپ و تفەنگ و هاوەن

**ئامادەکردنی:**

**مەریوان**

..........................................................................

**قوتابخانەکەمان...** لاپەڕە 15

**چیرۆک، سیناریۆ: یوسف**

**وێنە: عەبە**

تازە ماڵمان بۆ گوندە کەمان گەڕابۆوە، تەنها (هیواو ئامانج)م دەناسی/ بینیم پێشمەرگەکان کتێبیان بە منداڵەکان دەدا/ ئەوە چییە پێتان؟/ ئەو گۆڤارە یە کە پێشمەرگەکان بۆیان هێناین / گۆڤار چیەو باسی چی دە کات؟/ چیرۆکی خۆش .. مەتەڵ مرۆڤی کۆن.. باسی شتی تریش دە کات/ راستە وێنەکانی زۆر جوانن /



ەڵام نەخوێندەوارم/ بۆچی؟/ ئا.. !! خۆ فرۆکەکان قوتابخانەکەی ئێمەشیان روخاند؟ لە و گوندە ی لێ ی بوین .. قوتابخانە نەبوو/ وەرن، هاوڕێیان، با هە مو پێکە وە سەرلەنوێ قوتابخانە کەمان دروست بکەینەوە/ زۆر باشە/ کارێکی چاکە/ چاکردنەوەی چی.. ناکرێت/ زۆر چاکە / قەڵەم نیە ، دە فتەر نیە .. مامۆستا نیە / قوتابخانەی چی ..!!/ هاوڕێیان گوێی بۆ مە گرن با ئێمە دەس بەکاربین/ دە.. زۆر باشە / کەواتە با بچینە لای ئە نجومەنی ئاوایی/ دەمانەوێ قوتابخانەکەمان چاک بکە ینەوە/ زۆر چاکە/ وا من خشت دێنم / منیش دار دێنم / دەستان خۆش بێت، هاوڕێکانم/ منیش گڵ هە ڵدەکەنم/ مناڵانی گوندە کە، بە هاوکاری قوتابخانە رووخاوەکەیان چاک کردە وە/ ئەی کێ دەبێتە مامۆستامان؟/ خۆ مامۆستا کۆنە کەمان رۆیشتوە / من دەبمە مامۆستاتان کتێب و دە فتەریشم هێناوە / هە هەرەوەز هاوکاری/ جا باشە هیچ فێر بویت / بەڵێ/ بڕوانە، چە ند بە ئاسانی ئە م گۆڤارە دەخوێنمەوە/ منیش فێرە خوێندەواری ناکەن؟/ دار دار/ دار/ ( کۆتایی

..........................................................................

بۆ کرداری جوان بۆ عیلم و ئەدەب
مناڵی خۆتان بنێرنە مەکتەب
مناڵتان ئەگەر کچ بێ یاخود کوڕ
بە خوێندن ئەبێ بە دانەی دوڕ
لە ناو دنیادا ئەوەی نایابە
عیلم سەرچاوەی هەمو ئەسبابە

**( زێوەر)**

..........................................................................

**نیشتمانەکەت بناسە...** لاپەڕە 20

نیشتمانەکەت کوردستانە
داگیرکەران کوردستانیان کردۆتە چوار پارچە

کوردستان گەورەترە لە هۆڵاند + بەلژیک + سویسرا + نەمسا
**ئامادەکردنی: ش. هەرشەمی**

.............................................................

**مەتەڵ**.... لاپەڕە 21

مەتەڵ هەشت پیتە سوک و ئاسانە
ناوی خاکێکە رەنگین و جوانە
پیتی چوارو سێ ئەگەر یەک بگرن
بە مانای " هار"ە خۆتان دوور بگرن
پیتی چوارو دوو لەگەڵ پێنج و شەش
بە مانای خزمە لێی نەبن بێ بەش
پیتی یەک و دوو، شەش و سێ گشتی
باڵدارێکی جوان، نیشانەی ئاشتی
پیتی یەک و دوو لەگەڵ سێ و چوار
ناوی گەلێکە چەوساوەو هەژار
پیتی چوارو حەوت، هەشت بێ لەگەڵتا
ناوی شتێکە وا لە ناو دەمتا
پیتی پێنجو دوو لەگەڵ پیتی سێ
ناوی رەنگێکە هەر لە خوێن دەچێ
دە هاوڕێم زوو بە، مەتەڵ هەڵبێنە
لە " ئەستێرە"ەکەت خەڵات بستێنە

.............................................................

**بۆ زاخاوی مێشک**... لاپەڕە 22

ئەگەر خانەی ئەم ژمارانە پڕ بکەیتەوە، وێنەی گیانلەبەرێکی کێوی لێ دەردەچێت

ئایا ئەزانی...؟!

یەکەمین رۆژنامە ی کوردی بە ناوی " کوردستان" لە ساڵی 1898 لە قاهیرەی پایتەختی میسر چاپ کراوە.



قوتابی ژیر گە ر لە م 2 وێنەیە وورد بیتە وە (9) جیاوازی دەدۆزیتەوە


.............................................................

**دوا ووتە**... لاپەڕە 23

منداڵەکان.. وەرن با راستگۆبین ... درۆ نە کەین، مرۆڤ کاتێک راستگۆ دە بێت، خۆشە ویست دە بێت... راستگۆیی گە ورەترین دەسکەوتە بە دەستی بهینین .. هەر راستیشە سەر ئەکەوێ و گرەو دە باتەوە، هە ر راستیە رێگای ژیان رووناک دە کاتەوە، بۆیە پێویستە راست بین و راستی بڵێین، دووربین لە درۆ و فێڵ و یەکتری خەڵەتاندنەوە، با لە گەڵ باوک و دایک و خوشک و براکانماندا را ست بین، با لە گەڵ هاوڕێکانمانا راست بین .. با لەگەڵ نیشتمانەکەمانائدا راست بین، با بە درێژایی تەمەنمان راست بین.

**هاوڕێتان: دیاکۆ**


ژمارە
١
٤/١
١٩٨٣
ئەستێرە
گۆڤارێکی منداڵانە ،مانگی جارێک دەردەچێت
ABA


ئەستێرە
ساڵی تازەتان پیرۆز بێت
٢

# چرپەیەك






٢




ئامادەکردنی :
عەدبە

# قارەمانێکی بچکۆلانە




٤


ڕۆکەکانی دوژمن لە ئاسمانەوە
سەربازەکانیش لە زەوییەوە
بەگڕمانا دەهاتن
بە درێژایی شەو هەر شەڕ بوو
دەزانی حۆراکمان ، نەماوە ؟
پیویستیە
ئارمەتیان
بدەم
لەوانەیە
نانیان لا
نەما بێت
٥


دەبێ زوو فریایان
بکەوم... بەڵام ئای
سەربازەکان بمبینن
ئاخ
ێشمەرگەکان قارەمانانە دوژمنیان شکاند و کوشتارێکی
ۆریان لێ کردن . بەشێوەیەک لاشەی سەربازەکان
ەگۆڕەپانی جەنگەکەدا بەجێ مان
٦






# کارزان

لالۆرەخە

کارزان منداڵی ژیرە
ئاڵای رۆشنبیرە
کارزانی روت و برسی
لەهاوڕێکانی پرسی
دەزانن کێم خۆش دەوێ؟
دڵ زۆر لێدەدا بۆ کێ؟
هاوڕێکانیشی وتیان
جل و بەرگی تازەوجوان
وردە یاری منداڵان
وتی نەخێر هاوڕێکان
ئازادی گەلم دەوێ
کرێکارم خۆش دەوێ
ئەو شوێنەی پڕ زانینە
گورج رادەکەم بۆئەوێ
هاوڕێکانی تێگەیاند
لە مەولا چییان بوێ




کەمانچەژەنی لێهاتوو شەهید
کارزان


ئامادە کردنی :
چۆن ئاگر دۆزرایەوە ؟
گارا
مرۆڤی کۆن نەیدەزانی ئاگر چییە !
لە گرمەی هەور دەترسا
٩




لایان سەیر بوو !
درەختە سووتاوەکان سەرنجی رادەکێشان
بەردەکان هەمەچەشن بوون
ئامرازەکانیان لەبەرد دروست دەکرد
١٠


لەکاتێکدا بەبەرد لەیەکیان دەدا
بەردەکان پریشکیان دەدا
سەرسام بوون
پاشان ویستیان خۆیان پریشک دروست بکەن
١١


بەشەو پریشکیان چاکتر دەبینی
ئنجا بیریان لەبروسکە کردەوە
بیریان لەسووتاندنی درەختەکان کردەوە
دۆزیانەوە !
بروسکە درەختەکانی سووتاند
١٢






# ناودارانی کورد

## حاجی قادری کۆیی



ئەم شاعیرە مەزنە لە ساڵی ١٨٢٠ لەگوندی "گۆڕقەرەج"ی نزیك شاری "کۆیە" لە دایك بووە. خاوەنی هەستێکی نەتەوایەتی پیرۆزو شۆڕشگێرێکی نموونەیی بووە. شیعرەکانی هەمیشە لە دژی ئاغا و دەرە بەگەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بەکار هێناوە. بۆیە راویان ناوەو شار بەدەریان کردوە ناچار کۆیەی جێ هێشتوەو بەرەو ئەستەمول رۆیشتوە تاله ساڵی ١٨٩٧ زایینی هەر لەم شارەدا کۆچی دوایی کردوەو هەر لەویش نێژراوە.

ئەمەش نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

جۆشی بدەن وەکو هەنگ  تەگبیر بکەن بە بێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن  تۆپ و تفەنگ و هاوەن

ئامادە کردنی
ملە ریوان



قوتابخانەکەمان
چیرۆک و سیناریۆ } یوسف
وێنە : عەبە
تازە ماڵمان بۆ گوندەکەمان گەڕابۆوە تەنها (هیوا و ئامانج)م دەناسی
ببینم پێشمەرگەکان کتێبیان بە منداڵەکان دەدا
ئەوە چی یە پێتان؟
ئەوە گۆڤارەیەکە پێشمەرگەکان بۆیان هێنایین
١٥





گۆڤارچیە و... باسی چی دەکات؟
چیرۆکی خۆش.. مەتەڵ مرۆڤی کۆن. باسی
شتی تریش دەکات
ڕاستە وێنەکانی زۆر جوانن
بەڵام من نەخوێندەوارم
بۆچی؟
ئا..!! خۆ فڕۆکەکان قوتابخانەکەی ئێمەشیان ڕوخاند؟!
لە گوندەکەی ئێوە...
قوتابخانە نەبوو
وەرن.. هاوڕێیان. با هەموو پێکەوە سەر لە نوێ قوتابخانەکەمان دروست بکەینەوە
زۆر باشە
کارێکی چاکە
چاککردنەوەی چی.. ناکرێت
زۆر چاکە
١٦



قەلەم نیە، دەفتەر نیە ... ماموستا نیە
قوتابخانەی بچی -!!
هاوڕێیان گوێ بۆمەگرن با ئێمە دەس بەکار بکەین
دە.. زۆر باشە
کەواتە با بچینە لای ئەنجومەنی ئاوایی
دەمانەوێ قوتابخانەکەمان چاک بکەینەوە
زۆر چاکە
وامن خشت دێنم
منیش دار دێنم
دەستان خۆش بێت، هاوڕێکانم
منیش گڵ هەڵدەکەنم
١٧




منالانی گوندەکە بە هاوکاری قوتابخانە ڕووخاوەکەیان چاک کردەوە.
ئەی کێ دەبێتە ماموستامان ؟
خۆم ماموستا کۆنەکەمان ڕۆیشتوە
من دەبمە ماموستاتان کتێب و دەفتەریشم هێناوە
هـ هەرەوەز هاوکاری
١٨




بۆکرداری جوان بۆعیلم وئەدەب
منالی خۆتان بنێرنە مەکتەب
منالتان ئەگەر کچ بێ یاخود کوڕ
بەخوێندن ئەبێ بەدانەی دوڕ
لەناو دنیادا ئەوەی نایابە
عیلم سەرچاوەی هەموو ئەسبابە
(زێوەر)

١٩







# مەتەڵ



مەتەڵ هەشت پیتە سوک و ئاسانە
ناوی خاکێکە ڕەنگین و جوانە
پیتی چوار و سێ ئەگەر یەک بگرن
بە مانای "هار"ە خۆتان دوور بگرن
پیتی چوار و دوو لەگەڵ پێنج و شەش
بە مانای خزمە لێی نەبن بێبەش
پیتی یەک و دوو شەش و سێ گشتی
باڵدارێکە جوان، نیشانەی ئاشتی



پیتی یەک و دوو لەگەڵ سێ و چوار
ناوی گەلێکە چەوساوە و هەژار
پیتی چوار و حەوت. هەشت بێ لەگەڵتا
ناوی شتێکە وا لە ناو دەمتا



پیتی پێنج و دوو لەگەڵ پیتی سێ
ناوی ڕەنگێکە هەر لە خوێن دەچێ
دەهاوێم زوو بە، مەتەڵ هەڵبێنە
لە "ئەستێرە"، کەت خەڵات بستێنە





# ۆ زاناوی مێشک



ئەگەر خانەی ئەم ژمارانە پڕبکەیتەوە، وێنەی گیانلەبەرێکی کێوی لێ دەردەچێت





قوتابی ژیر گەر لەم ٢ وێنەیە وورد بیتەوە (٩) جیاوازی دەدۆزیتەوە

ئایا ئەزانی..؟!

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر چاپ کراوە

# دوا ووتە



منالەکان... وەرن با راستگۆبین... درۆ نەکەین،مرۆڤ
کاتێک راستگۆ دەبێت ،خۆشەویست دەبێت...
راستگۆیی گەورەترین دەسکەوتە بە دەستی بهێنین.
هەر راستیشە سەر ئەکەوێ وگرەو دەباتەوە، هەر
راستیە رێگای ژیان رووناک دەکاتەوە،بۆیە پێویستە
راست بین و راستی بلێین ، دووربین لە درۆ و فێڵ و
یەکتری خەڵەتاندنەوە ،با لەگەڵ باوک و دایک و
خوشک و براکانماندا راست بین .با لەگەڵ هاورێکانمانا
راست بین .. با لەگەڵ نیشتمانەکەمانا راست بین
با بە درێژایی تەمەنمان راست بین .

هاورێتان: دیاکۆ





## سەرچاوەکان


1- ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگە ریی شۆڕشی ئە یلوول لە سەر رۆژنامە وانیی کوردی 1961- 1975، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر- 2007

2- ئیدریس عە بدوڵڵا مستە فا، رۆژنامە گەریی منداڵان بە زمانی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیری، بە ڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونە ر، هەولێر، 2004

3- ئیسماعیل بادی، رۆژنامە یا ستیر بە رهەمێ داوییێ یی بنە ماڵا بەدرخانیانە، گۆڤاری ( رۆژنامەڤانی) ژمارە 5، هاوینی 2001، لاپەڕە 128 تا 130

4- احمد قاضی، ژورنالیسم کردی در کردستان ایران در قرن بیستم، سروه - ویژەنامە دویستمین شمارەء مجلەء سروه، رەشەمە 1381، لاپەڕە 31

5- عەبدوڵڵا زە نگەنە، رە فیق سالح ئە حمەد، رابە ری رۆژنامە نووسی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە 3، سالی 2005، لاپەرە 152،159، 166

6- نەوزاد عە لی ئە حمەد، رابە ری رۆژنامە گەریی نهێنیی کوردی 1961- 1991، وە زارەتی رۆشنبیری، بە ڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنە وە، سلێمانی 2001

7- نەوزاد عە لی ئە حمەد، شۆڕشی رۆژنامە ، رۆژنامە ی شۆڕش، لە بڵاوکراوەکانی سە نتەری راگە یاندنی کۆم ەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی- 2001

8- هیمدادی حوسێن ( دکتۆر) گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کوردو سە رەتای رۆژنامەنووسیی پە روەردەیی، زنجیرە ی بڵاوکراوە کانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر- 2002




## ناوی کتێبە چاپکراوەکانم

**1- پۆلووی ژووری نووتەك، شیعر، بەغدا- 1985**

**2- ساکەدەشت،شیعر، بەغدا-1988**

**3- مرۆڤو تابووت، شیعر، هەولێر-1991**

**4- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یە کێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر-1991**

**5- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ، هەولێر-1993**

**6- پاڵتۆی حزب،شیعر، هەولێر-1995**

**7- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-1998**

**8- بیبلیۆگرافیای هە ردوو گۆڤاری نووسە ری کوردو نووسە ری کوردستان، بە هاوکاری یاسین قادر بەرزنجی، سلێمانی-1998**

**9- کێشەی ئاو لە رۆژهە ڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە-ئامادەکردن، سلێمانی-1998**

**10- منداڵو ئە دەب، لێکۆڵینە وە، چاپی یە کەم، سلێمانی-1998، چاپی دووەم، سلێمانی-2006**

**11- شەبەك(مێژوو، ئاین، سە رژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان، سلێمانی-1999**

**12- گۆڤاری گزنگ-لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، سلێمانی1999**

13- مامۆستا ئیبراهیم ئه حمەدو رۆژنامه ی خه بات، لێکۆڵینه وه، سلێمانی-2000

14- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامه ی رۆژانه ی راپه ڕین، لێکۆڵینەوه، سلێمانی-2001

15 شۆڕشی رۆژنامه-رۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوه، سلێمانی-2001

16- رابەری رۆژنامه گەریی نهێنی کوردی 1961-1991، بیبلیۆگرافیا، سلێمانی-2001

17- رۆژنامەی کورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوه، سلێمانی-2002

18- رۆژنامەو جەنگ، وتار، سلێمانی-2003

19- رۆژنامەگەریی یه کێتیی نیشتمانیی کوردستان لـه ده رەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوه، سلێمانی-2004

20- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1923-1960، سلێمانی-2004

21- کێشەی ویلایه تی موسڵ لـه دوو رۆژنامه ی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوه، سلێمانی- 2004

22- هونەرەکانی ئەدەب لـه رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا 1961-1991، سلێمانی-2005



چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی/ زنجیرەی 70/ کەرکوک/ 2008